# بە 100 هەزار کامەرای چاودێری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق دەکرێت

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاشکرای دەکات، بە 100 هەزار کامەرای چاودێری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق دەکەن.

داود سلێمان، بەڕێوەبەری ڕێککارەکان و ڕاهێنان لە کۆمیسیۆن ئاماژەی بەوەداوە، پرۆسەی دانیکامرا ڕێژەك پێش ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدرێت و هەر وێستگەیەك کامرایەك وهەر ناوەندێکی دەنگدانیش دوو کامرا دادەنرێت و دوو کارمەندیش سەرپەرشتی و چاودێری کامراکاندەکەن.

سلێمان ڕاشیگەیاند، کامراکان بە وزەی کارەبا کاردەکەن و پاتریيەکی بارگاوی هەیە کە توانای هەیە 16 کاتژمێر کاربکات و چاودێری پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکانی پێدەکرێت و ڕاستەوخۆ وێنەکان بێنووسینگەی نیشتمانی دەنێرێت.